بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری**
**ژمارە ( ٢٤ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یـــاســـای ڕۆژنـــامەگـــەری لە کـــوردستان**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٢ /٢٠٠٨/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یـــاســــــای ڕۆژنـــامەگـــەری لە کوردســــــتان

## بەشی یەکەم
### پێناسە و پڕەنسیپەکان

**ماددەی یەکەم:**

بۆ مەبەستی ئەم یاسایە زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان لە بەرامبەردا هاتووە:–

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم : سەندیکا : سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

سێیەم: نەقیب : نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

چوارەم: ڕۆژنامەگەری: پیشەی ڕۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندندا.

پێنجەم: ڕۆژنامەنووس: هەرکەسێك کە لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار دەکا.

شەشەم: ڕۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ڕیز بەند و بەرێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: ڕۆژنامەگەری ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستە بەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێ ی یاسا و پابەند بوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەلێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسانی ساڵی١٩٥٤هەموارکراو .

دووەم: ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەك کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێ ی یاسا.

سێیەم: سەبارەت بەو داواكارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا.

چوارەم:هەر کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی ماف خاوەنداریێتیی ڕۆژنامەی هەیە و دەتوانێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری بکا.

پێنجەم: ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ.

## بەشی دووەم

### مەرجەکـــانی دەرکـــردن و دەستبەرداربوون لە ڕۆژنـــامە

**ماددەی سێیەم:**

دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەم مەرج و ڕێکارانەی خوارەوە هەیە :

یەکەم: خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێك لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو و نازناو و ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود، دامەزرێنەر و ناوی ڕۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ناوی سەرنووسەر وماوەی دەرچوونی تێدا بنووسرێ،ڕاگەیاندنەکەش بە بەیانی دەرکردنی ڕۆژنامە دادەنرێ.

دووەم: دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەك لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە ناڕازی بێ و بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە هەرێم بە سیفەتی پێداچوونەوە ناڕەزایی تۆمار بکات و بە پێچەوانەوەش دەرکردنی ڕۆژنامەکە بە پەسندکراو دادەنرێ.

سێیەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆماری بکا، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەکەی لێ دابین دەکا و سەندیکاش وەزارەتی ڕۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەی هەیە، دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی ( ئەهلیەت)ی تەواوی هەبێ.

پێنجەم: نابێ لە هەرێمدا دوو ڕۆژنامە بەیەك ناو دەربچن.

شەشەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکە لە شوێنێکی دیاری ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی روون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە و ناوی ئەو چاپخانەیەی کە لێی چاپ دەکرێ بڵاو بکاتەوە و ڕاگەیاندنێك لە هەر گۆڕانکارییەك، یان هەموارکردنێك لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن ڕووبدات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی گۆڕانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاوبکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەر ڕۆژنامەیەك سەرنووسەرێكی دەبێ و سەرپەرشتیی ئەو بابەتانە دەكا كە تیایدا بڵاودەكرێنەوە:-

یەكەم: دەبێ ڕۆژنامەنووس بێ و زمانی ڕۆژنامەكە بەخوێندنەوەو نووسین بزانێ.

دووەم : سەرنووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی و سزایی ئەو بابەتانەیان لە ئەستۆدایە كە بڵاو دەكرێنەوە، هەرچی خاوەن ئیمتیازە بەرپرسیارێتیی مەدەنی دەكەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەشداریی لە نووسینی ڕۆژنامەدا كرد ئەوا هەمان بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر هەڵدەگرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

لەگەڵ ڕەچاو كردنی ئەو ڕێكارانەی كە دەقەكەیان لەم یاسایەدا هاتووە، خاوەن ئیمتیاز مافی ئەوەی هەیە واز لە هەموو، یان هەندێك خاوەندارێتی خۆی بۆ كەسێكی دیكە بێنێ، بەمەرجێك وازهێنەر پێش (٣٠) سی ڕۆژ لە مێژووی دیاریكراو لە وازهێنانەكەی ئاگادارییەك لە ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەدا بڵاوبكاتەوە.

## بەشی سێیەم
## وەڵامـدانەوە و ڕاستكـــردنەوە

**ماددەی شەشەم:**

یەكەم: ئەگەر ڕۆژنامە زانیاریی نادروستی بڵاوكردەوە، ئەوا ئەو كەسەی كە بابەتە بڵاوكراوەكەی پێی پەیوەستە، یاخود یەكێك لە میراتگرانی، یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای ڕاستكردنەوەی بكا و وەڵامی هەواڵ، یان وتارەكە بداتەوە. پێویستە سەر نووسەریش ڕاستكردنەوە، یاخود وەڵامدانەوەكە لە یەكێك لە دوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەكە لە هەمان جێ و بە هەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی كە پێی بڵاو كراوەتەوە بڵاو بكاتەوە.

دووەم: پێویستە ڕۆژنامە وەڵامدانەوە یان ڕاستكردنەوە بڵاوبكاتەوە، بە پێچەوانەوە بە بڕێك پارە كە لە (١,٠٠٠٠٠٠) یەك ملیون دینار كەمتر و لە (٢,٠٠٠٠٠٠)دوو ملیون دیناریش پتر نەبێ غەرامە دەكرێ.

سێیەم: سەرنووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوەكە یان ئەو ڕاستكردنەوەیەی بە پێی بڕگەی یەكەم و دووەمی سەرەوە بۆی دێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەكاتەوە:

١-ئەگەر ڕۆژنامەكە بەر لەگەیشتنی وەڵام، یان ڕاستكردنەوەكە، بابەتە بڵاوكراوەكەی بەشێوەیەكی وردو تەواو ڕاستكردبووەوە.

٢- ئەگەر وەڵامدانەوە، یان ڕاستكردنەوەكە بە ناوێكی خوازراوەوە بێ، یان بە زمانێكی جیا لە زمانی بابەتە بڵاوكراوەكە نووسرا بوو.

٣- ئەگەر ناوەڕۆكی وەڵامدانەوەو ڕاستكردنەوە پێچەوانەی یاسا بێ.

٤- ئەگەر وەڵامدانەوە، یان ڕاستكردنەوە دوای (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە بڵاوكردنەوەی هەواڵ، یان وتـــارە وەڵامدراوەكە گەیشت.

## بــەشی چوارەم
### مــــــاف و ئیمتیازەکـــانی ڕۆژنـــامەنووس

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم : ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە و لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەستەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە دەستەڵاتی یاسا.

دووەم: نابێ ئەو ڕاو بۆچوونەی کە لە لای ڕۆژنامەنووس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیەنێ.

سێیەم: ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکا، تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێ.

چوارەم: ڕۆژنامەنووس مافی ئامادە بوونی لە کۆنگرە و چالاکییە گشتییەکاندا هەیە.

پێنجەم: هەر کەسێکێك بەهۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکا، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەوا هەمان ئەو ســــزا یە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێك لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکـــانی دانــراوە.

شەشەم: ئەگەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو ڕۆژنامەیە ڕوویدا کە ڕۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکا، یان بارودۆخی گرێبەستییەکەی گۆڕا، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەك لایەنە هەڵبووەشێنێتەوە، بە مەرجێك(٣٠) سی ڕۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری ڕۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی ڕۆژنامەنووسەکە لە قەرەبوو کردنەوەدا بفەوتێ.

حەوتەم: پێویستە دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەومافانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاریکراون.

هەشتەم:لە بارێکدا ئەگەر ڕۆژنامەنووس هەموو مۆڵەتە ئاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتایی ساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ بە مەرجێك لە مووچەی مانگێکی پتر نەبێ.

نۆیەم: لە کاتی تووشـــبوونی ڕۆژنامەنووس بە نەخۆشی وپێکان لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی، یان لە پێناویدا ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکا، خەرجی چارەسەر کردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

دەیەم: ئەگەر ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژانی پشووی فەرمیدا کاری کرد، پێویستە ئەو دەزگا ڕۆژنامەگەرییەی کاری تێدا دەکا قەرەبووی ماددی ئەو ڕۆژانەی بۆ بکاتەوە بە بڕی کرێی دوو ڕۆژ بۆ هەر ڕۆژێك.

## بەشی پێنجەم
### پشتەوانە ( حەسانە )

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: لەکاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس کە بەکارێك تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی

بە پیشەكەیەوە هەیە، سەندیكای لیٚ ئاگادار دەكریٚتەوە.

دووەم: نابیٚ لیٚكۆلٚینەوە لەگەلٚ ڕۆژنامەنووس بكریٚ، یا شویٚنی كار و مالٚەكەی بپشكنریٚ لەبەر ئەو هۆیەی لە برگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە مەگەر بە بریاری دادوەریی نەبیٚ و نەقیب یان ئەوەی بە شیٚوەیەكی یاسایی جیٚی دەگریٚتەوە بۆی هەیە لە كاتی لیٚكۆلٚینەوەدا ئامادەبیٚ.

سیٚیەم: لە هەر لیٚكۆلٚینەوەیەكی سزاییدا، نابیٚ دیكۆمیٚنت و زانیاری و بەیاننامە و پەڕاوگەكانی ڕۆژنامەنووس بە بەلٚگەی تۆمەتباركردن لە دژی بەكاربهیٚنریٚ، تەنیا مەگەر پەیوەندییان بە بابەتی سكالاٚی تۆماركراو لە دژی ڕۆژنامەنووسەوە هەبیٚت.

چوارەم: نووسین و بلاوكردنەوە لەسەر كارەكانی فەرمانبەر یان كەسیٚكی ڕاسپیٚردراو بۆ خزمەتگوزاری گشتی یان، سیفەتی نویٚنەرایەتی گشتی هەبیٚ تاوان نی یە ئەگەر هاتو بلاٚوكردنەوەكە لە چوارچیٚوەی ئەركی فەرمانبەری و خزمەتی گشتی و نویٚنەرایەتی دەرنەچیٚ بەو مەرجەی بەلگەی سەلمیٚنەری دانە پالییان لەسەر هەبیٚ.

پیٚنجەم: نابیٚ دوای تیٚپەڕبوونی(٩٠)نەوەد ڕۆژ لە میٚژووی بلاٚوكردنەوە هیچ جۆرە ڕیٚكاریٚكی یاسایی لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیریٚتەبەر.

**ماددەی نۆیەم:**

یەكەم: ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر، بەبڕیٚك پارە غەرامە دەكریٚن كە لە (١,٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار كەمتر و لە (٥,٠٠٠٠٠٠ ) پیٚنج ملیۆن دینار پتر نەبیٚ. كاتیٚك یەكیٚك لەم خالاٚنەی خوارەوەی بلاٚوكردەوە:-

١- چاندنی تۆی ڕق و كینەو لیٚكترازاندنی پیٚكهاتەكانی كۆمەلٚ.

٢- سوكایەتیكردن بە بیر و باوەڕ و ڕیٚ و ڕەسمە ئایینیەكان.

٣- سوكایەتیكردن بە سیمبول و پیرۆزییەكانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەكەداركردنیان.

٤- هەربابەتیٚك پەیوەندی بە نهیٚنیەكانی ژیانی تایبەتی تاكەوە هەبیٚ، هەر چەندە راستیش بیٚ، بەلاٚم بلاٚوكردنەوەی ببیٚتە هۆی لەكەداربوونی.

٥- جنیٚودان و توانجی ناڕەوا و ناوزڕاندن.

٦- هەر بابەتیٚك زیـــان بە ڕیٚكاری لیٚكۆلٚینەوە و دادوەری بگەیەنیٚ تەنیا مەگەر دادگـــا ڕیٚگای بە بلاٚوكردنەوەی دابیٚ.

٧- پیٚشیٚلكردنی پرەنسیپەكانی بەلٚیٚننامەی (میثاق شرف)ی فیدراسیۆنی نیٚودەولٚەتی سالٚی (١٩٥٤)ی هەمواركراو كە پاشكۆی ئەم یاسایە.

دووەم: ڕۆژنامەی بلاٚو كەرەوە بە بڕیٚك پارە غەرامە دەكریٚت كە لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پیٚنج ملیۆن دینار كەمترو لە (٢٠,٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار پتر نەبیٚت، ئەگەر یەكیٚك لەوانەی لە بڕگەی (یەكەم)دا هاتووە بلاٚو كردەوە.

سیٚیەم: لەكاتی دووبارەكردنەوەدا دادگا بۆی هەیە سزا داراییەكەی زیاد بكا، بە مەرجیٚك لە دوو هیٚندەی پارەی سزاكە كە لە بڕگەكانی(یەكەم و دووەم)ی سەرەوەدا هاتوون پتر نەبیٚ.

چوارەم: داواكاری گشتی و زیان پیٚ گەیشتوو بۆیان هەیە بەپیٚی یاسا داوا تۆمار بكەن.

**ماددەی دەيەم:**

حوكمەكانی ماددەی (نۆيەم) ئەو رۆژنامەو چاپكراوانە ناگرێتەوە كە بەمەبەستی زانستی تەواو لەلايەن دەزگا حكومی و زانكۆكان و سەنتەرەكانی تۆژينەوەی زانستی دەهێنرێن.

**ماددەی يازدەم:**

هەر بابەتێك لەسەرچاوەكانی دەرەوەی هەرێم وەرگيرابێ ياخود وەرگێردرابێ لە بەرپرسياريێتيی تاوانەكانی بلاْوكردنەوە نابووردرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

كار بەهيچ دەقێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە ناكۆك بێ.

**( حوكمە كۆتاييەكان )**

**ماددەی سيازدەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و لايەنە پەيوەنديدارەكان پێويستە حوكمەكانی ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەم ياسايە، لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائيعی كوردستان)ەوە جێبەجی دەكرێ.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

ئەم ياسايە لە ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٠٨ی كوردی بەرامبەر١٠ی شەوالی١٤٢٩ی كۆچی و بەرامبەر ٩ی تشرينی يەكەمی ٢٠٠٨ی زاينی لە هەولێر دەرچووە.

**هۆيە پێويستەكانی دەركردنی ئەم ياسايە**

ئەمڕۆ ڕۆژنامەگەری لە كۆمەڵگای كوردستانی و نێودەوڵەتدا گرنگيەكی زۆری هەيە و، ئاسۆييەكی فراوانی لە ئازادی لەبەردەمدايە و، ئەمەش وای خواستووە ياسايەكی تايبەتی بۆ دەربچێت تاكو كاری رۆژنامەگەری بە جۆرێكی وا رێك بخات كە لەگەڵ گيانی سەردەم و گەشەسەندنەكانيدا بگونجێ و وابكات هاووڵاتی ئاگاداری راستيی ڕووداوەكان بێ و لە پێناو دابين كردنی پێداويستيەكانی ئازادی رۆژنامەگەری بە روونی و پيشەيی و دەربڕينی بيروبۆچوونەكان بۆبەشداريكردنێكی كاريگەر لە دامەزراندنی كۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی پرانسيپەكانی ديموكراسی و مافی مرۆڤ، ئەم ياسايە دانرا.

# بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان

پشت بەم راگەراندراوە نیشتمانیە دەبەسترێت وەك پێوەرێك بۆ جێبەجێ كــــردنی ئەركی پیشەی رۆژنامە نووسان كە بریتیە لەكۆكردنەوە و گواستنەوەو دابەش كردنی زانیاریەكان ،سەرەرای ئەوانەی كە لێدوان و بەدواداچوونیان لەسەرهەواڵەكان هەیە ، لەكاتی باس كردنی رووداوەكاندا:

١.یەكەمین ئەركە ڕۆژنامە نووس بریتیە لە ڕێزگرتن لە راستی و مافی جەماوەر بۆگەیشتن بەراستیەكان.

٢. رۆژنامەنووسان لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەركەكانیاندا هەمووكات داكۆكی لە ئازادی دەكەن ،ئەویش بە گواستنەوەی راستی و دروستی هەوالەكان و بلاوكردنەوەیان ، هەروەها مافی رادەربڕین و رەخنەگرتنیان هەیە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە .

٣. ڕۆژنامە نووس ئەو هەوالانە تەنها بەپێی دڵنیا بوونی لەسەرچاوەكان بلاودەكاتەوەو، بۆی نییە زانیاری گرنگ بشارێتەوە ، یاخود بەڵگەنامەكان بشێوێنێ .

٤.پێویستە رۆژنامە نووس بۆدەسخستنی هەواڵ و وێنەو بەڵگەنامە ، ڕێگەی دروست و ڕەوا بگرێتەبەر.

٥.دەبێ رۆژنامە نووس ئەو پەڕی تواناو ووزەی خۆی بەكار بهێنێت لە پێناو راست كردنەوەو هەمواركردنی ئەو زانیاریانەی كە بە شێوەیەكی ناراست و نادروست بلاو كراونەتەوە و خراپ و زیان بە خشن.

٦.پێویستە رۆژنامە نووس ڕەچاوی پاراستنی نهێنیەكانی پیشەكەی بكات و ، سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بپارێزێت كە داوای لێ كراوە نەی دركێنێ.

٧. دەبێ رۆژنامە نووس هۆشدار بێت لە و مەترسیانەی كە رەنگە لە ئاكامی ئەو جیاكاری و ناكۆكیانە بێتە ئاراوە كە لەوانەیە بە هۆی راگەیاندنەوە روو بدات هەروەها هەموو تواناكانی بخاتە گەڕ بۆ رێگرتن لە و بانگە شانەی كە لەوانەیە بنامایەكی رەگەز پەرستی ،زمان ، ئاین ، یاخود بیروڕای سیاسی و، هە ربیرو باوەڕێكی دیكە ، یان جیاوازی ناسنامە و بنەچەی كۆمەلایەتی هەبێت.

٨. دەبێ رۆژنامە نووس ئەوە باش بزانێ كە هەندێ كارو ڕەفتار سنور بەزاندنی ترسناكی پیشەكەیەتی ، لەوانە : ساختەكاری (انتحال) لیكدانەوە بەنیازی خراپ ، تانە وتەشەر ، تۆمەتی بێ بنەما ، بەرتیل وەرگرتن بۆ بلاوكردنەوە، یان شاردنەوەی زانیارییەكان .

٩. ئەو رۆژنامە نوسانەی كە شايستەی ئەو پيشەيەن ، پێويستە بڕوايان هەبێت كە ئەركی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسيپانە بكەن كە باس كران ، ئەوش لە چوار چێوەی ياسايی گشتی هەر و لآتێكدا..

ئەم بەڵێننامەيە لە ســـــاڵی ١٩٥٤ لەلايەن ئەنجومەنی جيهانی فيدراسيۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامە نوسانەوە ڕاگەيەندرا ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ لە لايەن هەمان ئەنجومەنەوە هەموار كراوە.